Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Stockholm

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ستۆکهۆڵم

# ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی ڕۆژی کۆمەڵە لە ستۆکهۆڵم

ئێواریێ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی مانگی فێوریەی ٢٠٠٨، بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی دانیشتوی ستۆکهۆڵم و نوێنەرانی حیزبە سۆئێدی و هەروەها کوردستانیەکان، مەراسیمی ڕۆژی کۆمەڵە بەڕێوە چوو. ئەو مەراسیمە لە سەر بانگهێشتنی کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە شاری ستۆکهۆڵم و لە ئاکامی کاری چڕوپڕی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە ستۆکهۆڵم و شارەکانی دەوروبەری پێک هات و بەڕیوەچوو.

هۆڵی ئێلێکتروم هەڵکەوتو لە نێو زانکۆی تێکنیکدا، کە یەکێک لە مۆدێرنترین هۆڵەکانی شاری ستۆکهۆڵمە، میوانداری ڕێزگرتن لەو ڕۆژە مێژوییە بو. هەر لە سەعات ٥ی ئێوارەوە دەستە دەستە لە ژنان و پیاوانێک کە خوازیاری بیستنی ووتاری سیاسی کۆمەڵە و بەشداری لە جێژنی کۆمەڵەدا بوون بەرەو هۆڵەکە دەهاتن. نوێنەرانی حیزبە سیاسیە کوردیەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە، نوێنەرانی چەند حیزبی سیاسی سۆئێدی و هەر وەها نوێنەران و ئەندامانی چەند ڕێکخراوی کەلتوری و کۆمەڵایەتیی کوردەکانی سۆئێد، لە مەراسیمەکەدا بەشداریان کرد.

هاوڕێ شادی ساڵحی، بەڕێوەبەری بەرنامەکە، دوای خوێندنەوەی ئەو دێڕانەی خوارەوە ڕیزی بەرنامەکەی ڕاگەیاند.

**ئەوە ساڵانێکە کە لە سەرما و تۆف و بەندی ڕێبەندانەدا، لە ڕێگای دوور و نزیکەوە دێین تا بۆ چەند ساتێک لێرە لە دەوری یەکتر کۆ بینەوە. کۆ بینەوە تا ڕێز لە کۆمەڵە و لە هەڤاڵانی گیانبەختکردو بگرین، ڕێز لەو دایکانە بگرین کە ڕۆڵەیان لە دەستدا، ئەوانەی کە لە گرتوخانەکاندا ئەشکەنجە کران و ئەوانەی کە ئەندامی لەشیان لە دەستدا و هەر وەها ڕێز لە گەلی تێکۆشەری کورد بگرین کە متمانە و باوەڕی خۆێ بەخشی بە کۆمەڵە.**

**ئەگەر بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە، ئاوڕیک لە ڕابۆردو دەدەینەوە و مێژوی ساڵانی پێشومان دەدەینە بەرباس، بۆیە نیە کە لە ڕابۆردوا بژین، بەڵکو بۆیەیە کە ئەزمونەکان و دەسکەوتەکانمان لە بیر نەبەینەوە. ئێمە چاومان لە داهاتوە، چاومان لە ئاسۆی ئازادی و ئاسۆی ژیانێکی بێ چەوسانەوەیە.**

بە دواییدا، خوێندکاری لاو هاوڕێ سورەیای کوردی، ڕیزی بەرنامەکەی بە زمانی سوئێدی خوێندەوە. پاشان دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی گیانبەختکردوانی کۆمەڵە و ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد ڕاگەیەندرا. بێدەنگیەکە بە سرودی کۆمەڵە شکا.

هاوڕێ عەبدوڵای موهتەدی، سکرێتێری گشتی کۆمەڵە، ووتاری ڕۆژی کۆمەڵەی پێشکەش کرد. هاوڕێ عەبدوڵا لە قسەکانیدا ئاماژەی بە بارودۆخی سیاسی و ئابوری ئێران کرد و کوتی کە لە مانگەکانی ڕابۆردودا توندوتیژی لە دژی خەڵک زۆرتر بوە، چەند کەس لە گرتوخانەکاندا کوژراون و بێ سەر و شوێن کراون. لە سەرمای سەختی زستانی ئەوساڵدا گاز و سوتەمەنی لە خەڵک بڕا و دەوڵەت کارێکی نەکرد، سەدان کەس لە سەرمادا مردن. فەقیری و دەستەنگی زۆرتر لە جاران بە خەڵکەوە دیارە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆشکەی نەفت بە سەد دۆلار دەفرۆشرێ. لەو هەڵبژاردنە فەرمایشیەی کە بە دەستیانەوەیە، زۆربەی کاندیداکانیان ڕەد کردۆتەوە. لە بەشێکی کە لە قسەکانیدا، هاوڕێ عەبدوڵا باسی ئەوەی کرد کە ساڵی ڕابۆردو بۆ حیزبە سیاسیەکانی کوردستان ساڵێکی باش نەبو و ئەو جیابونەوە و دابڕانانەی هاتە پێشێ، زەرەری لە یەکگرتویی لە ڕیزەکانی هێزە سیاسیەکاندا. سەبارەت بە ئەزمونی کوردستانی باشور هاوڕێ عەبدوڵا ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای کەم و کوڕی و گەندەڵی و گیر وگرفتێک کە پێک هاتوە ئێمە دەبێ وێڕای ڕەخنە گرتن لەو ئەزمونە و لە دەسکەوتەکانی پشتیوانی بکەین.

هاوڕێ سورەیای کوردی ووتارێکی بە زمانی سوئێدی خوێندەوە کە تێیدا کۆرتەیەک لە مێژو و ئامانجەکانی کۆمەڵە و هەر وەها لێکدانەوەیەکی بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان پێشکەش کرا.

لێرەدا حیزبە سیاسیە سوئێدیەکان ووتاریان پێشکەش کرد. لە سەرەتاوە نوێنەری حیزبی سۆسیالدیمۆکراتی سوئێد، بەڕێز کلاس نوردمارک ووتاری خوێندەوە. ئەو کوتی کە **ئێمە کۆمەڵە بە حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتو دەناسین کە لە ساڵانی ڕابۆردودا دەسکەوتی زۆری بە دەست هێناوە و دەتوانێ لە پێشەوەی ڕەوتی عەداڵتخوازی و دیمۆکراسیخوازیدا لە کوردستان هەنگاو هەڵێنێتەوە و پشتیوانی خۆیانی لە بە ئەندام بوونی کۆمەڵە لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستدا ڕاگەیاند.** بە دوای ئەودا نوێنەری پارتی ژینگەی سوئێد و حیزبی گەلی سوئێد و حیزبی چەپی سوئێد پەیامیان خوێندەوە و پیرۆزبایی ڕۆژی کۆمەڵەیان کرد.

هاوڕێ بەدری تەوحیدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، پەیامی ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵەی خوێندەوە کە لە بەشێک لە قسەکانیدا کوتی:

ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە، شان بە شانی هەمو ژنانی تێکۆشەری کوردستان تێدەکۆشێ بۆ دروست کردنی لەمپەرێکی بە هێز لە بەرابەر دیاردەی دزێوی توندوتیژی دژ بە ژنان. ئێمە ڕو دەکەینە هەمو ژنانی کوردستان کە چ خۆیان و چ نزیکانیان لەگەڵ کردەوەی نامرۆڤانەی توندوتیژی و بێ حورمەتی بەرەوڕو دەبنەوە و دەڵێین، نابێ ئیتر ڕەزایەت بدەن کە وەک قوربانیەکی بێ دەنگ ئازار بدرێن و کەسایەتیان تێک بشکێندرێ کە خۆ کوشتن و خۆ سوتاندن ڕێگا چارە نیە. ئێمە هەروەها ڕو دەکەینە پیاوانی ئەم وولاتەش و دەڵێین کە دەبێ توندوتیژی دژ بە ژنان کۆتایی پێ بێت. عوقدەی پۆنگ‌خواردوی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتداران و ناکامیەکانی ژیانی ڕۆژانەتان بەسەر ژنەکان و کچەکانتاندا هەڵمەڕێژن. ژیانی خۆتان و بنەماڵەکەتان خراپتر مەکەن. مەیەڵن ڕەسم و یاسای ئیسلامی و کۆن ببێتە ڕێنوێنی کردەوەتان و بەری چاوتان بگرێ. با بە تێڕاشکاوی بڵێین هۆی سەرەکی بەشی زۆری خۆسوتاندن و خۆکوشتنی ژنان و کچان ئەزیەت و ئازاری نێو خێزانە. ئەم دیاردەیە دەبێ کۆتایی پی بێ. لە جیاتی پڕشینگی عیشق و خۆشەویستی تۆوی نەفرەت لە نێو بنەماڵەکەتان و کۆمەڵگاکەتان بڵاو مەکەنەوە.

بە دواییدا حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان پەیام و بروسکەیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

١. نوێنەری حوکومەتی هەرێمی کوردستان لە سۆئێد
٢. کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی لە سۆئید
٣. کۆمیتەی ڕێکخراوی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە سۆئێد
٤. لێژنەی ناوچەی سۆئێدی پارتی دیمۆکراتی کوردستان
٥. کۆمیتەی سۆئێدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
٦. کۆمیتەی ستۆکهۆڵمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
٧. کۆمیسیۆنی پەیوەندیەکانی پارتی سەربەخۆی کوردستان
٨. کۆمیتەی سۆئێدی حیزبی شیوعی کوردستان
٩. سازمانی خەبات
١٠. ناوەندی بەساڵاچوان و کەم ئەندامانی کورد لە ستۆکهۆڵم
١١. کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لقی هەندەران
١٢. کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی باکور لە سۆئێد
١٣. تەڤگەری دیمۆکراتیکی کوردستانی باکور
١٤. پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکور
١٥. یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لقی سۆئێد

١٦. **کانونی زیندانیانی سیاسی لە سوئید**
١٧. **حیزبی خەڵکی بەلوچستان**
١٨. **پەیامی پیرۆزبایی جمهوریخواهان لائیک، ایران**

**بەشی دووەمی بەرنامەکە کە بەشێکی هونەری بو بە شداری هونەرمەندی خۆشەویست کاک نەجمەی غولامی و هونەرمەندانی ئازیز ئەمیر و بەهمەن و هاوکارانی بەڕێزیان ڕازابووەوە. کاک نەجمە چەند گۆرانی و سرودی لە بەرهەمەکانی خۆی کە لە یادگارە هونەریەکانی نێو کۆمەڵە بوون، پێشکەش کرد.**

**گۆرانی و موزیک و هەڵپەڕین تا سەعات ١١ی شەو درێژەی هەبو.**

**بەم جۆرە ڕۆژی کۆمەڵە لە کەش و هەوایەکی گەرم و گوڕدا لە شاری ستۆکهۆڵم ڕیزی لێ گیرا. چ بۆ میوانانی بانگهێشتن کراو و چ بۆ ڕێبوارانی ماندوییەناسی ڕێبازی کومەڵە، ئەم شەوە، وەک شەوێکی خۆش و پڕ ناوەڕۆک و لە بیرنەچو دەمێنێتەوە.**

## کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە ستۆکهۆڵم

## ١٢-٠٢-٢٠٠٨



















